# ئازادی بی قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال سەید قادر

هوشیار قادر
2005/12/25

یەکیک لە تاکتیکەکانی حیزبە ناسیونالیست ودەولەتە بورژواییەکان ، گرتنەبەری توندوتیژییە وەک ( رفاندنی نهینی وبی سەروشوین کردن ، ئازاردان و زیندانیکردن وتیرورە) لە دژی مخالیفانی خۆیان.ئەم حیزب و دەولەتە بورژواییانە ئەوەندەی بۆیان کرابیت دەنگی ئازادی و نارازی دژ بە خۆیان خنکاندووە ، لە پیناو مانەوەی دەسەلاتی خۆیان.

ئەحزابی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئیمەدا ، دەنگی نارازی قبول ناکات و پی ی قەلسە ، لە هەموو ئازادی یەکدا کە خەلک خوازیاریتی ، مەرگی خۆی تیا دەبینیتەوە، رەخنە گرتن لییان تاوانیکی گەورەیەسزاکەی گرتن و ئەشکەنجەو زیندانی کردنە ، ئەمە نەک هەر تەنها دەیەویت نووسەرەکەی پی دەم کوت بکات ، بەلکو مەبەستی سەرەکی چاوترسین کردنی باقی نووسەران و قەلەم بەدەستانی نارازی یە، ئەوانەی کە دژی ئەم حیزبانە دەنوسن.

دکتۆر کەمال سەید قادر ئەنفال چی نی یە ، خاوەنی مەلەف نی یە ، هاوکاری رژیمی بەعس نەبووە ،شیخ زانای قورئان خوین و تیرۆریست نەبووە، وە هیچ کەسیکیشی نەکوشتووە .ئەی کەواتە بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنهینی رفاندویەتی و دوای ئاشکرابوونی 30 سال زیندانی بەسەردا سەپاندووە ؟

دکتۆر کەمال تەنها لە بەر نووسینیکی کە رەخنەی لە پارتی و بنەمالەی بارزانی گرتووە 30 سال حوکم
دراوە ! ئایا ئەمە تاوانە ؟ ئەی پارتیش وەک و یەکیتی نیشتمانی باس لە ئازادی و ئازادی رادەربرین ناکات ! جەنابانی حاکمانی کوردستان ئیوە رۆژانە دەهۆل بۆ ئازادی دەکوتن ، کوا ئازادییەکانتان ؟حاکمانی کوردستان ، ئەم ئازادی یەی ئیوە باسی لی دەکەن تەنها رووکەشەو لەگەل هەلبرینی دەنگی نارازی و رەخنە لە ئیوە بەهەوادا دەچیت وەک و بلقی سەر ئاو و تەنها وەک و مەرەکەبی سەر کاقەزدەمینیتەوە.

خەلکی کوردستان دەبیت ئازادی و ئازادی را دەربرین بسەپینن بەسەر دەسەلاتداران داو ناچاریان بکەنبە رەسمی بیناسن ، لەم پیناوەدا دەبیت خەلکی کوردستان ، ریخراوە ئینسان دۆستەکان و بەتایبەتیش نووسەرانی کوردستان داوای ئازادکردنی دەست بەجی ی دوکتۆر کەمال بکەن .
دوکتۆر کەمال تاوانبار نی یە ، بۆیە دەبیت دەست بەجی ئازادی بکەن ، تاوانباران لەناو ریزەکانیئەحزابی حاکمانی کوردستاندایە ، ئەوانە بگرن و زیندانیان بکەن، نەک دکتۆر کەمال .